# رۆڵی حکومەتی ئەلکترۆنی لە بنیاتنانی حوکمرانی دروستدا*

م.م پێشرەو علی محمدامین/ کۆلێجی یاساو رامیاری / زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

## پێشەکی:

مێژوی مرۆڤایەتی بە سەردەم و قۆناغی جیا جیادا تێپەریوە تا گەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئەمرۆمان، ئەمەرۆیەك کە پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتەکانی جیهان لەلایەك وە هاولاتیان و دەوڵەتەکان لە لایەکی تروە هێندە خێرابوە کە دەتوانین لەماوەی چەند خولەکێك ، پەیوەندی بە دورترین شوێنی جیهانەوە بکەیت ، کە هەموو ئەمانەش لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای پەیوەندی و زانیاریەکانە (ICT).

هەموو حکومەتێك کە دادەمەزرێت ئامانجی سەرەکی خزمەت کردنی کۆمەڵگا و بەرێوەبردنی یەتی بە شێوەیەکی باش، بەڵام ئەوەی کە دەبێت رەچاو بکرێت لێرەدا ئەوەیە کە تەنها بەرێوەبردنی کاروباری خەڵك و پێشکەش کردنی خزمەت گوزاریەکان بەس نین بەڵکو دەبێت چۆنیەتی پێشکەش کردن و بەرێوەبردنی خزمەت گوزاری و کاروبارەکانی هاونیشتمانیان بەهەند وەربگیرێت، ئەمەش لە رێگەی بەکارهێنانی شێوازی نوێ لە بەرێوە بردنی کاروبارەکان و پێشکەش کردنی خزمەت گوزاریەکان . هەر بۆیە لە وڵاتانی پێشکەوتوی جیهاندا بەگشتی و ولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بە تایبەتی بیرۆکەی حکومەتی ئەلکترۆنی دەرکەوت وەك رێگەیەکی تازە بۆ ئەدای چالاکیەکانی حکومەت و دام و دەزگاکانی بە شێوەیەکی خێرا و کوالیتێکی بەرزتر ، کە هەموو ئەمانەش خۆی لەخۆیدا رێگە خۆش کەرە بۆ چون بەرەو حوکمرانی دروست ( Good Governance).

گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئێمەی خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و عیراق و ولاتانی ناوچەکە بەگشتی پێویستی زۆرمان بە حوکمرانی دروست و حکومەتی ئەلکترۆنی. بۆیە لەم توێژینەوەیە دەتوانین پەیوەندی و کاریگەری حکومەتی ئەلکترۆنی لەسەر حوکمرانی دروست دیاری بکەین، ئەمەش یارمەتی دەرمان دەبیت لە گرنگی دنی زیاتر بە ئەلکترۆنیکردنی حکومەت.

پرسی توێژینەوە:

دەتوانین پرسی ئەم توێژینەوەیە بە پرساریکی سەرەکی و چەند پرسیاریکی لاوەکی دیاری بکەین :

* قدم هذا البحث في المؤتمر العلمي الدولي الثالث– المشترك لجامعة التنمية البشرية/نيسان ٢٠١٦

سەرەکی: تاچەند بونی حکومەتی ئەلکترۆنی لە ولاتێکدا کاریگەری هەیە لەسەر بە دروستکردنی حوکمرانی؟

لاوەکیەکان:

- حکومەتی ئەلکترۆنی چیە ؟ پێکهاتەکانی کێن؟ گرنگی چیە؟ هەنگاوەکانی بنیادنانی چین؟
- حوکمرانی دروست چیە؟ لایەنەکانی کێن؟ ئامرازەکانی چین؟
- پەیوەندی ئامرازەکانی حوکمرانی دروست و حکومەتی ئەلکترۆنی چین و چۆنە؟ وەچەندە؟

گریمانەی تویژینەوە:

لە ژێر رۆشنایی پرسی توێژینەوەکەدا ، گریمانەیەك دادەنین کە دەڵێت:

حکومەتی ئەلکترۆنی کاریگەری زۆری لە سەر بەدروستکردنی حوکمرانی هەیە، وە هەرچەندە حکومەت بە ئەلکترۆنی بکریت ئەوەندە لە حکومرانی دروست نزیك دەبینەوە و توانانی پەیرەویکردن و بنیادنانی ئامرازەکانی حکومرانی دروستمان زیاتر دەبیت.

ریبازی توێژینەوە:

بۆوەلامدانەوەی پرسیارەکانی تویژنەو و سەلماندنی گریمانەکەمان سود لە ریبازی جیا جیا وەردەگرین وەك ریبازی وصفی و بەراودکاری و شیکدنەوەی داتاکان کە دەتوانن لە بەشەجوداکان پشتیان پێ ببەستین و سودیان لیوەربگرین.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش نیشاندەرەکانی حکومەتی ئەلکترۆنی و حوکمرانی دروست ی رێکخراوە نیودەولەتیەکان وەك داتاو زانیاری بنچینەیی وەردەگرین بۆ سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکە.

هەیکەلی توێژینەوە:

لە ژێر رۆشتایی ریبازی توێژینەوەکەمان گەیشن بە ئامانج و دەرەنجامەمانی ئەم توێژینەوەیەمان دابەشکردوە بۆ سێ بەشی سەرەکی ئەوانیش بیتین لە :

بەشی یەکەم لە ژێر ناونیشانی پێناسەو ناساندنی حکومەتی ئەلکترۆنی باسی حکومەتی ئەلکترۆنی دەکەین و بەشی دووەم باسی حوکمرانی دروست و ئامرازەکانی لە خۆدەگریت وە سێیەمیشمان تەرخانکردوە بۆ ئاستی پەیوەندی حکومەتی ئەلکترۆنی و حوکمرانی دروست.وە لە کۆتای دەرەنجام و سەرچاوەکان دەخەینەروو.

# بەشی یەکەم

# پێناسەو ناساندنی حکومەتی ئەلکترۆنی

## یەکەم: چەمك و پێناسەی حکومەتی ئەلکترۆنی

### چەمکی حکومەتی ئەلکترۆنی

حکومەتی ئەلکترۆنی وەك ئەوەی کە چەمکێکی تازەیە و لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەك دەرکەوتوە . بیروڕای جیاواز لە سەر چەمك و پێناسەی ئەم زاراوەیە هەیە بەلاَم هەر چەندە جیاوازیش بن هەموویان لە چوارچێوەی یەك مانادا کۆدەبنەوە .

چەمکی حکومەتی ئەلکترۆنی لە دوو بەش پێکهاتوە وە یەکەمیان حکومەت واتە دەسەلاَتی جێبەجێکردن و دووەمشیان ئەلکترۆنی واتە تەنی ووردی هەستیار کە دەتوانن زانیاری بگوازنەوەو کۆنترۆڵی بکەن . [1]

وە ئێستا تەنها زاراوەی حکومەتی ئەلکترۆنی بەکارناهێنرێت بەڵکو چەندین زاراوەی تر هەیە کە بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنرێت (Online Government) یان (Digital Government) وەهەروەها (E-Gov) یان بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی یان حکومەتی زیرەك و چەند زاراوەو دەستەواژەی تر. [2]

وە بیرۆکەی حکومەتی ئەلکترۆنی لە سەر چەند بنەمایەکن سەرەکیتریان بریتیین لە:

١- کۆکردنەوەی هەموو خزمەت گوزاری و چالاکی و زانیاریەکانی دەوڵەت بە هەموو سەکتەرە جیاوازەکان لە یەك شوێندا .

٢- پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ هاولاَتیان بە شێوەی ٢٤ کاتژمێر لە ڕۆژێککداو ٧ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا و ٣٦٥ ڕۆژ لە ساڵێکدا، لە گەڵ توانستی تەواو لە گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان بە هاولاَتیان .

٣- گونجان و پەیوەندی و خێرایی تەواو لە نێوان ئەدای فەرمانگە حوکمیەکان ، هەر یەکەیان بە ئەوانی ترەوە هەمووشیان بەیەکەوە .

٤- هەروەها گێرانەوەی تێچونی زۆر بۆ حکومەت لە لایەك و کەمکردنەوەی خەرجی هاوولاَتیان بۆ خزمەتگوزاریەکان لە لایەکی ترەوە.[3]

١- پێناسەی حکومەتی ئەلکترۆنی

(1 )Oxford advanced learners dictionary 7th edition

(٢)حجازى عبدالفتاح بيومى ،الحكومة الاليكترونية ونظامها القانوني،دار الفكر الجامعي،الاسكندرية، ٢٠٠٤،ص٧

(3) www.informatics.gov.sa/magazine/modules.php?name=Sections&op=viewarticle&artid=83

حکومەتی ئەلکترۆنی چەندین پێناسەی جۆراو جۆری لە لایەن شارەزایان و پسپۆرانی ئەم بوارە بۆ کراوە و دەتوانین چەند پێناسەیەکی حکومەتی ئەلکترۆنی بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینەروو کە گرنگترینیان بریتین لە :

پێناسەی نەتەوەیەکگرتووەکان UN بۆ حکومەتی ئەلکترۆنی کە خۆی لە دیاری کردنی چەند چەمکێکی سەرەکی دا دەبینێتەوە کە دەلێت حکومەتی ئەلکترۆنی پێك دێت لە ڕێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان ئەم کاراکتەرانەی خوارەوە بەشێوەیەکی ئەلکترۆنی:

- حکومەت بۆ حکومەت Government to government (G2G)
- حکومەت بۆ هاووڵاتیان Government to consumer/citizen (G2C)
- حکومەت بۆ ساکتەری کار یاخود بازرگانی Government to business (G2B) (١)

(شێوەی حکومەتی ئەلکترۆنی)




سەرچاوە : UN global E-government Survey 2003,P10

لە لایەکی ترەوە (ماجد راغب الحلو*) پێناسەی ئەم حکومەتی ئەلکترۆنی دەکات بەوەی کە دەلێت (بریتییە لە بەرێوەبردن و ڕێکخستن و ئاسانکاری لە پەیوەندیەکانی نێوان دام ودەزگاکانی حکومەت خۆیدا لەلایك حکومەت و هاووڵاتیان لە لایەکی تر بە بەکارهێنانی سیستەمیکی پەیوەندی چالاك بۆ بە ئەنجام گەیاندنی خزمەتگوزاری بە گشتییەکان بە کەمترین تێچوون و کورترین کات .(٢)

---

(1) UN global E-government Survey 2003, P10.

* د. ماجد راغب الحلو، استاذ القانون العام في كلية الحقوق – جامعة الاسكندرية، حصل على درجة دكتورا فى القانون من جامعة باريس عام ١٩٦٩.

(٢) ساعد نمديلى رحيمة الصغير،العقدالادارى الالكترونى دراسة تحليلية مقارنة،دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، ٢٠٠٦،ص٣٢.

وە هەر بۆ پیناسەی حکومەتی ئەلکترۆنی (عباس بدران ) دەڵێت (حکومەتی ئەلکترۆنی بە شێوەیەکی سادە ئەوەیە کە ئامانجی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری حکومییە جیا جیاکانە لەرێگای هۆکارە ئەلکترۆنی و ئامرازە تەکنەلۆجیەکانەوە وە گرنگترینیانبریتین لە ئنتەرنێت و پەیوەندیەکانە). (١)

لێرەدا دەکرێ بڵێین کە حکومەتی ئەلکترۆنی بریتی یە لە، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بۆ هاووڵاتیان یان کەرتەکانی کاربە شێوەیەکی ئاسان، هەروەکو لەمەش زیاتر پەل دەهاوێژێت بۆ چەندین بواری تر لەوانە بەکارهێنانی وەکو ئامرازێکی دیموکراسی و بەشداریکردن لە میانەی دەنگدانی ئەلکترۆنی لە هەڵبژاردندنەکاندا، وە هەروەها پرۆسەی گۆرینی پەیوەندییەکانە لە نێوان دام و دەزگاکانی حکومەت وە هاووڵاتیان و پیاوانی کار لە میانەی تەکنەلۆژیای زانیاریەکان بە ئامانجی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری باشتر بۆ هاووڵاتیان وە باشکردنی مامەڵەو کارلێك لە گەڵ پیاوانی کارو کۆمەڵگای پیشەسازی، وە توانیتی هاووڵاتیان لە بەدەست هێنانی زانیارییەکان بۆ زیاتر فەراهەم بوونی شەفافیەت وە بەرێوەبردنی داموودەزگاکانی حکومەت بەو پەرِی لێهاتوویی و لە قالبدانی گەندەڵی و زیادکردنی شەفافیەت و بەرزکردنەوەی عائداتەکان یان نزمکردنەوەی تێچوونەکان (نفقات) وە زیادکردنی متمانەی هاووڵاتی بە رۆڵی رێکخراوە حکومیەکان لە ژیانی خۆی دا.

## دووەم:سەرەتاکانی حکومەتی ئەلکترۆنی گەشەسەندنی مێژووی :

سەرەتای چەمکی حکومەتی ئەلکترۆنی و دەرکەوتنی لە سەر ئاستی جیهان لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٩٥) بوە کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کاتی دەست پێکردنی دەستەی (البريد المركزى ) لە ویلایەتی (فلۆریدا) ی وولاتە یەگرتوەکانی ئەمریکا کە کۆمەلیك بەرنامانەی جێبەجێکرد بۆ بەرێوەبردنی کارەکانی کارەکانی بەلاّم بە شێوەیەکی زۆر دیارو بەرچاو سەرهەڵدانی رەسمی و سیاسی بۆ ئەم چەمکە دەگەرێتەوە بۆ کۆنگرەی (ناپۆلی) ئیتالیا لە مانگی مارسی (٢٠٠١) دا . (٢)

لە رووی گەشەسەندنی مێژوییەوە دەتوانین بلین لە چەرخی نوێ دا و بەتایبەتی لە گەڵ کۆتایی هاتنی سەدەی بیست و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەك، ژمارەیەك چەمکی نوێ دەرکەوتن کە پێشتر ناسرا نە بوون وەکو: کتێبی ئەلکترۆنی، پەرتوکخانەی ئەلکترۆنی وە بازرگانی ئەلکترۆنی وە رێکخراوی ئەلکترۆنی وە خوێندنی لە دوورەوە کارکردنی لە دوورەوە چەندین چەمکی تریش جگە لەمانە، بەلاّم دەستەواژەی (E-government) هەژمار دەکرێت بە بازدانێك لە فەرهەنگی سیاسی وە هەولێکە بە ئاراستەی گۆراوەکانی سەردەم، وە ئێستا حکومەتی ئەلکترۆنی وێنەیەکی کاریگەر وبنەرەتییە بۆ گەشانەوەو پێشکەوتن لە وولاّتدا ،

(١) بدران عباس، الحكومة الاكترونية من الاستراتيجية الى التطبيق، المؤسسةالعربية للدراسات والنشر، الطبعة الاولى،بيروت، ٢٠٠٤ ،ص٤٦.

(٢) علاء فرج الطاهر، الحكومة الالكترونية بين النظرية والطبيق، دار الراية للنشر والتوزيع، عمان،٢٠١٠، ص٨٩.

وە زۆرێك لە ئابوری ناسان و ئیداریەکان کاتێك هەڵدەستن بە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی دواکەوتنی وولاّتان و گەلان، دواکەوتنی ئیداری و ڕێکخستنی لە سەروی ئەم هۆکارانەوە دادەنێن، وە لەم ڕوانگەیەوە فاکتەری بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدائی بەڕێوەبردن و ڕێکخستن دەبێتە ئامانجێکی بنەڕەتی کە حکومەت هەوڵ دەدات بۆ بەدەست هێنانیان .

وە گومانی تێدانییە کە لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو و سەرتایی سەدەی ئیستا تەقینەوەیەکی گەورەی تۆڕی ئنتەرنێتی بە خۆوە بینی لە سەر ئاستی جیهاندا،وە ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆڕی ئنتەرنێت لە (٩٥) ملیون لە ساڵی ١٩٩٨ بەرز بویەوە بۆ (٣٥٠) ملیون لە ساڵی ٢٠٠٣ –وە لە ئیستادا لە کۆتایی ٢٠١٥دا گەیشتۆتە (٣.٣٦٦.٢٦١.١٥٦) [1] –، ئەمەش چەندین دەست پێشخەری بە دوادا هات لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمی و ئەویش بە ئامانجی بنیاتنانی چەند نموونەیەك لە حکومەتە ئەلکترۆنی، هەموو ئەمانە کاریگەرییەکی فراوانیان لەسەر چوارچێوە و شێوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان و ئاسانکردنیان هەبوو .وە گەشە سەند ی حکومەتی ئەلکترۆنی دەتوانین کۆبکەینەوە لە میانەی ئەم قۆناغانەی لای خوارەوە[٢]:

– قۆناغی یەکەم/ قۆناغی لەدایکبوون (چەرخی کۆمپیوتەر) : ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای نیوەی دووەم لە سەدەی بیست ، کاتێك کۆمپیوتەر بەکارهێنرا لە بواری حێبەجێکردنی کارە ئیدارییە جیاوەزەکاندا ، وە لەم قۆناغەدا دەزگاکان توانیان تارادەیکی زۆر کاری فەرمانبەران ئاسان بکەن وە هەروەها یارمەتیان بدەن لە خێرا بە ڕێکردنی کاروبارە جیاوازەکانیان ئەویش لەرێگەی بەکارهێنانی ئەو پرۆگرامە جۆراوجۆرانەی لە کۆمپیوتەردا هەبون.

– قۆناغی دووەم / قۆناغی سیستمی زانیاری :– ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی پێشوو ، ئەم قۆناغەیە کە هەندێك لە خزمەتگوزارییەکان لە میانەی سیستەمی زانیارییەکانەوە بەرێوە دەچوون.

قۆناغی سێیەم / قۆناغی پێگەیشتن (چەرخی ئنتەرنێت):

ئەم قۆناغە لە ناوەڕاستەکانی نەوەدەکانی سەدەی پێشوەوە دەست پێدەکات ، کە توانرا ئەدای حکومەت کارابکرێت بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت وە هەروەها لەم قۆناغەدا پەیوەندی نێوان ئیدارە جیاوازەکانی حکومەت کاراتر کرا .

سێ یەم: ئامانجەکانی حکومەتی ئەلکترۆنی

(1) http://www.internetworldstats.com/stats.htm

(٢) الهوش د.ابوبكر محمود، الحكومة الالكترونية الواقع والآفاق، مجموعة النيل العربية ، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠٦ ،ص٢٩- ٣٠.

بە هۆی پێشكەوتن و زیادبوونی تەكنەلۆژیاو هۆكارەكانی پەیوەندی لە نێو كۆمەڵگاكاندا وای كرد كە ئەم ئامرازو هۆكارانە تەنها بۆ مەبەستە كلاسیكیەكان بە كار نەهێنرێت بەڵكو لە زۆر لایەنی تریش سوودی لێوەربگیرێت بۆنمونە یەكێ لەوانە بریتیە لە دروستكردنی پەیوەندی لە نێوان هاولاَتیان وحكومەت و بەشەكانی تری كۆمەڵگاو حكومەت ئەمەش وای كردووە كە حكومەتی ئەلكترۆنی كاریگەری هەبێت لە بەڕێوەبردنی كاری هاولاَتیان و ڕێكخراو و گروپ و بازرگانەكاننەكاندا وە ئامانجی سەرەكی لە هەموو ئەم كارەشدا بریتییە لە ئاسنكردن و بەڕەوەبردنی كارەكان بە شێوەیەكی ئاسان و خیرا وەدەتوانین ئامانجە سەرەكیەكانی حكومەتی ئەلكترۆنی بە پێی بوارەكانی دیاری بكەین كە گرنگترینیان بریتین لە:

١- بواری حكوومەت و گەل : كەحكومەتی ئەلكترۆنی ئامانجی سەرەكی لێرەدا هێنانە دی خۆش گوزەرانیە بۆ گەل لە گەڵ هەوڵدان بۆ بەشداری پێكردنی لە دەسەلاَتدا ئەویش لەرێگەی بە كارهینانی هۆكارو ئامرازە ئەلكترۆنیە جیاوازەكان.

٢ - بواری حكومەت- دام و دەزگاكان: ئامانجی حكومەتی ئەلكترۆنی لەم مەجالەدا بریتییە لە چالاكردنی ڕۆڵی ئابوری لە ڕێگای ئاسان كردنی مامەڵەكانی دامودەزگا بازرگانیەكان جا چ دامودەزگای ناوخۆیی بێت یا هەرێمی یاخود جیهانی.

٣- لە بواری حكومەت – حكومەت/ لەم بوارەشدا ئامانجی حكومەتی ئەلكترۆنی بریتییە لە دابین كردن و ئاڵ و گۆڕی بەیانات لە نێوان تەواوی وەزارەتەكان و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكاندا. وە هەروەها بەرزكردنەوەی ئاستی لێهاتویی و كارایی لە دام و دەزگاحكومیە ناوخۆییەكاندا بۆ نموونە بە ئەلكترۆنی كردنی هەموو بەڕێوبەرایەتیە كانی حكومەت . (١)

٤- بواری حكومی – دەرەكی/ ئامانجی حكومەتی ئەلكترۆنی تەنها لە ناوخۆی وولاَت قەتیس نابێ بەڵكو حكومەتی ئەلكترۆنی ئامانجی بۆ دەرەوەی خۆشی هەیە كە بریتییە لە بەستنەوەی دەوڵەت و قەوارەكانی دەرەوەی خۆی بە شێوەیەكی بە هێزو ، بە تایبەتی بوارە ئابوریەكان كە هانی دەوڵەتان و كۆمپانیەكان یان هاوولاَتیانی بیانی بدات ڕوو لە ولاَتەكەی بكەن و وەبەرهینان ئەنجام بدەن .(٢)

وە دەتوانین بە شێوەیەكی گشتی ئامانجەكانی حكومەتی ئەلكترۆنی لە جەند خاڵێكدا كۆبكەینەوە كە بریتین لە:

١- بەرزكردنەوەی توانستی حكومەت لە نێوان دام و دەزگانی حكومەت لە نێوان دام و دەزگا جیاوەزەكان و هاولاَتیان و سێكتەری بازرگانی و سێكتەرەكانی تر .

(١) علاء فرج الطاهر، المصدر سابق ، ص١٢٠.

(٢) بدران عباس، المصدر سابق،ص ٤٧ .

٢- ڕوونی و ئاشکرایی(شەفافیەت) ئەو زانیاری و ژمارانەی کە دەست دەکەوێت کە دەتوانرێنرێت بە شێوەیەکی ئاسان سەرەداوی هەر یەکەیان بدۆزیتەوە کە لە کوێوە دەستی پێ کردووە وەبەمەش کاتێکی زۆرت بۆ دەگەڕێتەوە و زانیاریەکی ووردت دەست دەکەوێت.

٣- ڕزگاربوون لە ڕۆتنیاتی کلاسیکی و کورت کردنەوەی مامەڵەکان.

٤- بە فیڕۆنەدانی هێزی مرۆیی ئەوەش بەوەی گەر بتوانیت بە کەمترین دەستی کار زۆرترین کار بەڕێوەبەری ئەو کاتە دەتوانی ئەو هێزانەی تر ڕەوانەی کاری تر بکەیت .

٥- بەدەستهێنانی زۆرترین بەرهەم بەکەمترین تێچوون و باشترین دەرەنجامەکام بۆگشت سیاسەتە ئابوری و کۆمەلایەتیەکان .

٦- بەرزکردنەوەی توانای ئەدای کارکردنی حکومەت لە بوارەکانی شەفافیە ت و دیموکراسی.(١)

٧- یارمەتی دانی پێشکەوتنی ئابوری ووڵات .

٨- ڕەخساندنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ کاروباری بازرگانی.

٩- بەکاربەران و مشتەریەکان لە سەر خەتن نەك لە ناو خەت .(٢)

١٠- ڕێگەخۆشکردن و ئامادەبوونی دەزگا حکومەیەکان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ سیتەمی جیهانی،ئەمەش بۆ ڕێکەوتنامەو هاوپەیمانی کە لە ئاستی گونجاوی سیستمی جیهانیدا بێت.(٣)

چوارەم: گرنگی حکومەتی ئەلکترۆنی:

حکومەتی ئەلکترۆنی گرنگی زۆری هەیە ڕەنگە بتوانین بلێین کە جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەی باسمان کرد دەتوانێت گرنگی حکومەتی ئەلکترۆنیمان بۆ دەربخات وەهەروەها لە هەمان کاتدا حکومەتی ئەلکترۆنی هەبوونی گرنگە بەلام ناتوانێ خۆی تەنها ببێت بە ئەڵتەرناتیف تەواو بۆ حکومەتی کلاسیکی چونکە تاکو ئێستاش دەوڵەتانی پێشکەوتوشی لە گەڵدا بێت حکومەتی ئەلکترۆنی نەگەیشتۆتە قۆناغی کامڵ بوون(واتە ١٠٠٪ کارەکان ئەنجام بدات) هەر چەندە ئەمە لە گرنگی ئەم حکومەتە کەم ناکاتەوە، چونکە هێزو و بەرهەمی ئەم حکومەتە بینراوە لەو ووڵاتانەی کە جێبەجێکراوە تیایاندا باش و تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووبوە.لێرەشەوە حکومەتی ئەلکترۆنی دەبێتە فاکتەرێکی گرنگی بەرەو پێشچوونی پرۆسەکانی سیاسی وئابووری و کۆمەلایەتی لە ووڵات، وە لیرەوە دەتوانین بە چەند خاڵێك گرنگی حکومەتی ئەلکترۆنی باس بکەین:

---

(1) InfoDev /World Bank, e-Government Prime, 2009,P10

(2) j.pascual .patricia,e-government , may 2003,p10, online at www.eprimers.org

(٣) گۆڤاری گەیاندن ،حکومەتی ئەلکترۆنی چیە ؟،ژمارە٤ ،تەمووزی ٢٠٠٧.

١- باشکردنی ئەدای دام و دەزگاکانی حکومەت / لە کـەمی تێچـوون و هەماهـەنگی نێوانیـان و کرانەوایان بە ڕووی یەکدا و باشکردنی خزمەت گوزاریەکان .

٢- پێشکەش کردنی نموونەی نویێ ی خزمەتگوزاری وەك خوێندن لە سەر ئنتەرنێت کە سـنووری زۆر فراوانەو تەناتەت کەسانی ناو بەندیخانەکانیش دەتوانن سـوود لـەم جـۆرە خوێندنانـە وەربگـرن بـە دابـین کردنی تۆڕی ئنتەرنێت و کۆمپیوتەر بۆیـان. یـاخود بەدەسـت هێنـانی بلیـت و تیکـت لـە ڕێگـەی مۆبایـل و ئنتەرنێتەوە .

٣- پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری نێودەوڵەتی کە تۆ هەر چـەندە لـە نـاولاتیش نـەبیت بتـوانی کاروبارەکـانی خـۆت جێبەجێکـەی بـۆ نموونـە لـە ڕێگـەی ڤیـدیۆ کۆنفرانسـەوە دەتوانیـت بەشـداری لـە کۆبوونەوەکان بکەیت ،یان لەریگەی سایتی ئنتەرنێت بۆئەوەی بتوانیێ کاروباری رۆژانـەی خـۆی جـیێ بـەجیێ بکات وەك کاری بانك و ئۆفیس و سەدان کاری تر کە ئەوە وا دەکات دووبارە سنوری بچووك بکاتـەوە لـە ڕێگەی ئەو هێلانەوە کاری خۆت جێبەجیێ بکەیت .[١]

٤- کەمکردنەوە و نەهیشتنی مامەڵـەی وەرەقـی واتـە لـە ڕێگـەی تۆڕەکـانی ئەلکترۆنیەکانـەوە کارەکان ئەنجام دەدرێت بەو شێوەیەش پێویستی بە کاغەز نامێنیێ، بۆ نموونە لە نەخۆشخانەکاندا لە نێوان (GP) یە لۆکەڵیەکان و نەخۆشخانەکان ،لە نێوان بریکارەکان (agency) و کارگەکانداو چەندینی تر.

٥- خاڵێکی زۆر گرنگ ئەو کەسانەی کە مامەڵە لە گەڵ یەکتر دەکەن ناسنامەیان ئاشکرا نابێت یان یەکتر نابینن ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بیێ جیاوازی مامەڵەکانی هاولاتیان ئەنجام بدرێت .[٢]

٦- حکومەتی ئەلکترۆنی ڕێگەت بۆخۆش دەکات کە بە ئاسانترین شێوە تۆ بتوانیت پەیوەندی بکەی بە دەسەلاتی بالای وولات وەك سەرۆك و پەرلەمان و وەزیرەکان ئەوانیش بە ڕێگەی پەیوەندی ئەلیکترۆنی وە هەروەها ئاگات لە کاروچالاکیەکانیان بێت و گەل بتوانێت وەکو چاودێر بەسەریانەوە کاربکات .

پێنجەم: هەنگاوەکانی حکومەتی ئەلکترۆنی:

حکومەتی ئەلیکترۆنی وەك لە سەرەتاداباسمان کرد پەیوەندیەکی تەواوی بەداتاو دونیای ژمارەکان و کاری دیجیتەڵەوە هەیە دەبێت لە هەر هەنگاوێك بۆ جیێبەجیێکردنی حکومەتی ئەلکترۆنی پشتی پیێ ببەسترێت بۆیە پێویستە لە بنیات نانی حکومەتی ئەلکترۆنی بەسیێ هەنگاوی سەرەکی دەست پیێ بکەین کە بریتین لە :

١- دیدگای ئەلکترونی:- بوونی ڕوانگەیەك بۆ(I T) لە وولاتێکدا یارمەتی دەرە بۆ دانانی حکومەتی ئەلکترۆنی ، وە پێویستە لەم دیدگا ئەلکترۆنییەدا لە سەرپێداویستیە هەنوکەیی و گۆڕاوەکانی وولات

(١) جامعة ملك عبدالعزيز، الحكومة الكترونية، سنة ١٤٢٧، ص٧-٨.

(٢) الهوش د.ابوبكر محمود، المصدر سابق،ص ٣٥ .

بکۆڵینەوە و،گرنگی بە گەشەسەندنی مرۆیی بدەین.بۆ نمونە دوبەی بە ئامانجی ئەو چاکسازی و خزمەتگوزاریەی کە حکومەت کەپێشکەشی دەکات بە دام ودەزگا و تاکەکان دەست پێشخەری‌کردوە"وە هەڵساوە بە دروستکردنی (شاری‌ئەنتەرنیت)بەبڕی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بەئامانجی ڕاکێشانی کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری، نێودەوڵەتیەکان. وە دیدگای ئەلیکترۆنی پێویستە ئەمانە لە خۆبگرێ.*

أ-پێویستە حکومەت ستراتیجێکی ڕوونی هەبێت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کۆسپانەی کە لەکاتی گۆرانکاریەکان ڕوبەڕووی دەبێتەوە.. (١)

ب- پێویستە کە دیدگای ئەلکترۆنی حکومەت پێك بێت لە پێکهاتەکانی هەیکەلی کاری ئینسانی. وە خۆی دەبینێتەوە لە بنیات نانی ژێرخانی ئابوری پێویست، و هەڵسەنگاندنی کەرتی تایبەت بە گەشەپێدانی کەرتێك بۆ تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان وە هەروەها وەبەرهێنانی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی دار بەتەکنۆلۆژیای زانیارییەکان لە بەرهەم هێنانی و وە دەستپێکردن و دابەشکردنی. (٢)

٢- دەسەلآت وبەشداری کردن.

بۆ گۆرینی دیدگای ئەلکترۆنی بۆ واقع پێویستە لەسەر حکومەت کە ئەم دووکارە ئەنجام بدات

أ- پێدانی پاڵپشتی سیاسی و دارایی (تمویل)بۆ ئەو گروپەی کە بەرپرسە لە جێ بەجێ کردنی حکومەتی ئەلکترۆنی ، وە ئەمەش لە میانەی دروست کردنی پۆستی بەڕێوبەری گشتی بۆ زانیاریەکان یان ڕاوێژکار بۆ سیاسەتەکانی تەکنۆلۆژیا لەلایەن سەرۆکی وەزیران بۆ نمونە حکومەتی بریتانیا شاندی ئەلکترۆنی پیکهیناوە کە پێکهاتووە لە ٣٥ لێپرسراوی گەورە کە نوێنەرایەتی بەڕێوەبەرایەتی و کارارەکانی حکومەت دەکەن لەو بوارەدا (٣)

ب- دروستکردنی پرۆسەی بەشداری کردن لە لایەن زۆرینەی لایەنە سودمەندبووەکان وەکو کۆمپانیاکانی ئنتەرنێت و کۆمپانیاکانی تەکنۆلۆژیای پێشکەشکەر وەبەکارهێنەرەکان لە کەرتەکانی کارو و بەرپرسە حکومیە پەیوەندی دارەکان و زانکۆکانی و سەندیکای کرێکاران و بانکەکان وە کۆمەڵە ئەهلیەکان بۆ بەشداری کردن لەدەستپێشخەری حکومەتی ئەلکترۆنی .(٤)

٣- لە بچوکەوە دەست پێ بکەوە وە پارێزگاری لە ئاسانکاری بکە:

---

* بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم سەرچاوەیە بکە : الامم المتدة الاسكوا، استراتيجيات الحكومة الكترونية في الدول العربية،٢٠٠٣.

(١) كلثم محمد الكبيسي، متطلبات تحقيق الادارة الاكترونية في مركز نظم المعلومات تابع الحكومة اللكترونية في دولة قطر، جامعة الافتراظية الدولية، ٢٠٠٨، ص٣٢-٣٤.

(٢) اسامة احمد و جلال محمد، الحكومة الالكترونية بين النظرية والطبيق، دار الثقافة،عمان، ٢٠١٠، ص٧٢ ومابعده.

(٣) الهوش د.ابوبكر محمود، المصدر سابق،ص ٥٦٧ .

(٤) برنامج الامم التحدة الانمائى،الحكومة الكترونية،ابريل ٢٠٠١،www.undp.org

پێویستە لەسەر حکومەت کە لە پڕۆژەی بچوك و ئاسانەکانەوە دەست پیٚ بکات (غیر معقد).پاشان گشتاندنی پڕۆژەکە لەسەر هەموو کەرتەکانی دەوڵەت .وە شێوازی نمونەیی ئەوەیە کە حکومەت دەست پیٚ بکات بەدروست کردنی دەروازەیەکی (portal) سادە .کە دەروازەکە هەڵدەستیٚ بەزیاد کردنی ئەرکەکان، بە شێوەی قۆناغ بە قۆناغ بە گوێرەی توانا. وە شایەنی باسە ٨٥٪ لە پڕۆژەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاری کە لەکەرتی گشتی جیٚ بەجیٚ کراوە سەرەنجام فەشەل بووە وە بەمانایەکی تر ئەم پڕۆژانە کاتێکی زۆردرێژیان خایاندووە .وە تێچونەکانیان زۆر زیاترە لەرێژەی پێشبینی کراو ،واتە تێچونێکی زۆر و بەرهەم هێنانی کەمتر.لەوەی کەنەخشەی بۆ کیشراوە لەسەرەتادا.[1]وە ئەمەش لەبەرئەوەی زۆربەی جار حکومەت پڕۆژەکان بەشێوەی خراپ بەڕێوە دەبات بەهۆی نەبونی مرونەت.وەهەروەها کۆمپانیایجیٚ بەجیٚ کار لە سەرەتا بەڵێنی گەورە دەدەن کە لەتوانایی خۆیان زیاترە بۆجیٚ بەجیٚ کردن وە ئەو نرخانە کە پێشتر زۆر نزمە تەنها بۆ بەدەست هێنانی داشکاندن (مناقصە) بە هەرنرخێکی کە هەبێت .بۆیە حکومەت دەبی زۆر بەووردی بەشێوەیەکی زانستیانە لە شتەکان بکۆڵێتەوە پێش ئەوەی کە فرسەتی کارکردن بدات بە هەر کۆمپانیایەك لەبواری (IT) دا بۆ دامەزراندن و جیٚ بەجیٚ کردنی حکومەت یان کەرتێکی ئەلکترۆنی تایبەت

شەشەم:قۆناغەکانی جیٚ بەجیٚ کردنی حکومەتی ئەلکترۆنی

جیٚ بەجیٚ کردنی حکومەتی ئەلکترۆنی بەچەند قۆناغەکانیکدا تێدەپەریت ئەوانیش بریتین لە:

١-ئامادەباشی بۆ جیٚ بەجیکردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی : کە ئەویش دەکرێت بەدووبەشی سەرەکیەوە کە بریتین لە:ئامادەباشی لەلایەن حکومەت ،کە خزمەت گوزاریەکان پێشکەش دەکات. لە لایەك وە ئامادەباشی لە لایەن دام و دەزگاکان و کۆمەڵگاو هاولاتیان،کە وەرگری خزمەت گوزاریەکانن.

أ-ئامادەباشی لەلایەن حکومەت وە پەیوەندی بە چەند بواریکەوە هەیە لەوانە:

١-بەهێزی تۆڕی پەیوەندیەکان: ،کە بەرنامەی حکومەتی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە تۆڕەکانی پەیوەندی لەسەر ئنتەرنێت . وە بە بیٚ نەبوونی تۆڕێکی بەهێزو خێرا و باش بەرنامەی حکومەتی ئەلکترۆنی تەنها بە تیۆری دەمێنێتەوە .

٢-بوونی ئامێری تایبەت و کۆمپیوتەر :لە دوای تۆڕی ئنتەرنێت دەبێت حکومەت لە توانای دا هەبێت ئامێری باش و کۆمپیوتەری پێشکەوتوو دابین بکات کە لە توانای دا هەبێت بەشێوەی ٢٤\٧ کاربکەن بەبیٚ وەستان بە بی ئەوە ناتوانرێت بەرنامەی حکومەتی ئەلیکترۆنی جیٚ بەجیٚ بکرێت.

٣-بەباشی بەکارهێنان و راپەراندنی ئامێر و چالاکیەکانی حکومەت :بەرنامەی حکومەتی ئەلیکترۆنی لەسەر خێرایی وەلامی داواکاریەکان وەستاوە .سەرەتاداواکاریەکان ئەلکترۆنین پاشان بەشێوەی مانوەڵ کاری

---

(١) الهوش د.ابوبکر محمود، المصدر سابق،ص ٥٦٨.

لەگەڵ دەکرێت ،بۆیە دەبێت کۆمپیوتەر بەکارهێنانی بەشێوەیەکی باش و دروست بیت و سادەو ساکار نەبێت. (١)

٤- بونی توانستی مرۆیی لە دام و دەزگاکانی حکومەت :لێرەش واتا دەبێ کارمەندانی حکومەت خەڵکی ڕاهێنراو شارەزابن لەوبوارە دا .وەهەروەها بۆیە لێرە کەسی شارەزاو شیاو دەوری کاریگەری هەیە نابێ پشت گوێ بخرێت .

٥- بواری یاسایی: زۆرێك لەیاساکان بۆ حکومەتی وەرقی دانراون ،بۆیە دەبێ بە پێوانەو میعیاری تازە دابنرێت کە بگونجێ لە گەڵ ژینگەی حکومەتی ئەلکترۆنی. بۆ نمونە قانونی تایبەت بە سەلامەتی و پاراستنی داتاکان یان بەکارهێنەرانی .

٦-بوونی دارایی تەواو : دەبێ بەرنامەی حکومەتی ئەلکترۆنی توانای زیادبوونی هەبێت بەردەوام لەتازەبونەوەدا بێت بۆیە دەبێ تێچونی جیهازو صیانەو بەکارخستن لە بەرچاوبگیرێت .

٧- سیاسەتی زانیاری : دەزگای حکومی بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر چوار چێوەی نهێنی زانیاری ماوەتەوە (سریه المعلومات)،وەکەس مافی دەرخستنی نەبووە کە ئەمەش ناگونجێ لەگەڵ حکومەتی ئەلکترۆنی کە پێویستی بە شەفافیەت و دیاریەکی زیاتر هەیە بۆیە دەبێ سیاسەتی دیاری کراوی بۆ دابنرێت.

ب-ئامادەباشی کۆمەڵگا :کە ئەویش ئەم لایەنانە دەگرێتەوە :

١- پێشکەوتن وگەشەسەندنی کەرتی تایبەت وە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ :نەبونی یان کەمی بەکار هێنانی تەکنۆلۆژیای تازە لەلایەن خاوەن کارو کەرتی تایبەت ئەوا هەڕەشەیە بۆ سەر حکومەتی ئەلکترۆنی.

٢- ئاستی خوێندن : خویندن بە یەکێك لەو شتانە دادەنرێت کە گرنگە بۆ ئەوەی هەر وولاتێ بتوانێ ئەو ئامێرو تەکنۆلۆژیا تازانە بەکاربهێنێت وە کەمی یان نەبونی خویندەواری ئ هەڕەشەیە بۆ سەر بەرنامەی حکومەتی ئەلکترۆنی .

٣- ئاستی ئابوری: ئاستی ئابوری هۆکارێکی زۆر گرنگە کە بڕیاری زۆر و کەمی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا دەدات بۆیە تا چەند ئاستی بژێوی خەڵك باش بێت ئاستی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا زیاد دەبێت وە بە پێچەوانەشەوە .ئەمەش دەتوانرێ دەستنیشانی ئەوەمان بۆ بکات کە :

ا- ڕێژەی ئەوکەسانەی کە کۆمپیوتەریان هەیە لەهاولاتیان چەندە

ب- ڕێژەی ئەوانەی کە بەشدارن لە تۆڕی ئنتەرنێت چەندە. (٢) .

---

(١) جلوريا ايفانز، ترجمةبدار فاروق، الحكومة الاليكترونية، دار فاروق، قاهرة، ٢٠٠٥، ص٣٤ وما بعده.

(٢) المركز الدولى للدراسات المستقبلية والاستراتيجية(icfs)، الحكومة الكترونية، رافت رضوان، العدد ٥ السنة الأولى مايو ٢٠٠٥،ص٣٢-٣٤

وەلێرەوە پاش ئەوەی کە زانیمان ئێمە ئامادەی جێ بەجێ کردنی حکومەتی ئەلکترۆنین یان نا هەڵدەستین بە هەنگاوەکان کەدەکرێ بکرێت بە سێ هەنگاوی سەرەکی کە ئەمانەن:

١- خستنە ڕووی هەرچی زیاتری زانیاری حکومەت هەیە لە ڕێگەی (ICT).کە ئەویش ئەم چەند کارە لەخۆدەگرێت .

- دانانی زانیاری لەسەر (online) هێڵەکان، بە مەرجێ ئەو زانیاریانە بایەخیان هەبێت بۆ هاولاتیان وە ڕەچاوی زمانی مەحەلی بکرێت.

- داوا لە هەموو ئۆرگانەکانی حکومەت بکریت هەندیك لە زانیاری بخەنەسەر ئۆن لاین.

- لیکۆلینەوەی بەردەوام لەسەر دەرەنجام و بەدەست هێنراوەکان لەبەر ڕۆشنایی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدایە .

- دامەزراندنی پێگەی ئاسان و وەدابینکردنی پارەی تەواو بۆی .

- تەرکیز کردن لەسەر ئەو لایەنانەی کەخزمەت بەهەدەفەکانی تر دەکات وەك ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی ،بۆ بوژانەوەی ئابوری و بەرەنگاری کەندەلی .

- زیادکردنی ژێرخانی دەزگاکانی گەیاندن وە زیادکردنی تەلەفۆن و موبایل.

- کەم کردنەوەی نرخی پەیوەندیەکان .

- سەپۆرت کردنی جیهازی کۆمپیوتەر بەیارمەتی کەرتی تایبەت .

- زیادکردنی مونافەسە لەنیوان کۆمپانیاکانی ئەنتەرنیت و داشکاندنی نرخ.

- جەخت کردنەوە لە سەرئەوەی لەدام و دەزگا و شوێنەگشتیەکان بتوانرێت داخلی تۆڕی ئینتەرنێت بن.

کەهەموئەمانەش دەبێ ماوەیەکی دیاری کراوی بۆ دیار بکریت وەك ئامانجیك کە بتوانرێ دەسنیشان بکرێ.

٢- تفاعل کردن لە میانەی فراوان کردنی پەیوەندی نێوان بەشداری مەدەنی و حکومی :کە ئەمەش چەند داواکاریك لە خۆ دەگرێت .

- ئاسانکدنی پرۆسە بابەتە ئالۆزەکان بۆهاولاتیان بەشێوەیەك بێت بتوانن تێبگەن لێی .

- بەکارهێنانی هۆیەکانی میدیابۆ زیادکردنی و هاندانیان لەوبوارە.

- هاندانی هاولاتیان لەسەر بەشداری هەرەوەزی.

– دەبێ دڵنیا بین لەوەی كە ئەو زانیاریانەی كە بۆ هاڵاتیان بلاوكراونەتەوە لەلایەن هاولاتیانەوە پێشوازی لێدەكریت .

٣- مامەڵە كردن لەمیانەی فەرامۆش كردنی خزمەت گوزاریەكان لەسەر ئۆن لاین.كە ئەویش لەم چەند ئیجرائاتانەدا خۆی دەبینێتەوە:

– پێویستە كە ئامانجی جەماوەری ئارەزومەندو چالاك لەبەرچاو بگیرێت لە پێناودەسنیشانكردنی پێویستی و ئارەزوە ڕاستەقینەكان .

– پێویستە سەپۆرتی ئەوانە بكرێت لەسەر سایتەكان كارەكانیان دەكەن .

– دەبێ جۆرێك لەیەكتر تەواوكاری بكرێت لەنیوان حكومەتی ئەلكترۆنی و كرداری چاكسازی لەگەڵ تەركیزكردنە سەر ئاسانكاری پێش ئەوەی بخریتە سەر ئۆن لاین .

– دەبێ ئاگاداری نەخشەی وەبەرهێنان و مامەڵە كردن لەگەڵ تێچوون و دەسكەوتەكان بیت .

– دەبێ دەروازەكان بگونجێت لەگەڵ خزمەت گوزاریەكان .(١)

وە لەگەڵ ئەوەی كەباسمان كرد دەكرێ بە جۆرێكی تر هەنگاوەكانی حكومەتی ئەلكترۆنی باس بكرێت كەئەمانەن :

١-قۆناغی بوونی سەرەتایی Presence

لەم قۆناغی دەسپێكەو دەست دەكریت بە دانانی ویب سایت و ئیمەیلی پەیوەندی و چەند زانیاریەكی سەرەتایی.

٢- قۆناغی كارلیك كردن Interaction

قۆتاغیكی پێشكەوتوترە لەقۆتاغی یەكەم و لێرەدا بەكارهینەران دەتوانن سود بین لە چەند خزمەت گوزاریەك وەك وەرگرتنی فۆرم و ناردنی زانیاری سەرەتای لە ریگەی تەلەفون وئیمەل.

٣- قۆناغی مامەلەكردن Transaction

لەم قۆناغەدا تەنها بە پەوەندی وە ناوەستێت و بواری مامەلە و كاركردنی تێدایە بۆنمونە تازەكردنەوەی مۆلەت و پارەدان .

٤-قۆناغی ئالو گۆر Transformation

لەم قۆناغە كاری گەورەتر دەكریت و بواری جۆراوجۆر و زانیاری زیاتر و ئالۆزتر لە خۆدەگریت.[٢]

## بەشی دووەم

(١) الهوش د.ابوبكر محمود، المصدر سابق،ص٦٧-٧٤ .

(2) Jeffrey W. Seifert, A Primer on E-Government: Sectors, Stages, Opportunities, and Challenges of Online Governance, Congressional Research Service, 2003, p 9-11

## حوكمراني دروست و ئامرازەكاني (good governance)

بۆ باسكردن لە حوكمراني دروست ئەم بەشە دەكەين بە سێ برگەوە لە يەكەميان باسی چەمك و پێناسەی حوكمراني دروست دەكەين، وە لە دووەم پێكهاتەكاني حوكمراني دروست، لە كۆتايشدا ئامرازەكاني حوكمرني دروست.باس دەكەين.

### يەكەم: چەمك و پێناسەی حكومراني دروست

#### ١- چەمكی حوكمراني دروست

چەمكی حوكمراني دروست كە لە عەرەبيدا (الحكم الصالح) و لە زماني ئينگليزی دا بە ( good governance) دەوترێت، چەمكێكی تازەيە بە بەراورد بە چەمكی حوكمراني (الحكم) كە سەرەتای دەركەوتنی ئەم چەمكە ياخود رونتر بلێين بەكارهێناني وەك چەمكێكی سەربەخۆو و بەو مانيەی ئێستا، دەگەرێتەوە بۆ سالاني هەشتاكاني سەدەی رابردوو، لە لايەن بانكی نێودەولەتی لە راپۆرتێكی دەربارەی گەشەپێداني بەردەوامی ئەفريقا لە سالّی ١٩٨٩ وە دوای ئەوە ئەم چەمكە بەكاردەهێنريت و بۆتە يەكێك لە وبابەتە تازانەی رۆژ كە زۆربەی ولاتاني جيهان بەكاری دەهێن . (١)

دە توانين بلێين ئەم چەمكە لە دوبەش پێك هاتوە يەكەميان حوكم ياخود حوكمراني وە دووەميان دروست (الصالح)، هەرچی يەكەميانە چەميكێكی تازە نيە و دەتوانين پێناسەی بكەين بە ( پرۆسەی دروستكردني بريار و برياريادان لە جێبەجێكردن ياخود جێبەجێنەكردنی) (٢) وەلێرەشدا دەتوانين بلێين كە حوكم واتاكەی فراوانترە لە حكومەت وەياخود بلێين حكومەت بەشێكە لە پرۆسەكاني حوكم. وەبەشی دووەمی چەمكەكە بريتی يە لە دروست (good) كە ئەم چەمكەش لە گەلّ ئەوەی رۆژانە زۆر بەكار دەهێنرێت بەلام چەمكێكی پرماناو تاراديەك ئالۆزە هەروەك جۆين گيرين (John Gerring) ی زانای سياسی بە چەند خاليك چوارچێوەی بۆ دادەنيت و دەلێت ناتوانين تەنها يەك چوارچێوە دابنێين بۆ چەمكی دروست بەلّكو چەندين ماني هيە كەدەتوانێت لە زانستە جياوازەكاندا بەكار بهێنرێت وەك( جياوازی بوون ، بەيەكەوە بەستراو، صەدا....) (٣)بۆيە دەتوانين بلێين چەمكی حوكمراني دروست چەمكێكی پر ماناو ئامانج دارە.وە لەگەلّ ئەوەشدا پێچەوانەی حوكمرامی گەندەلّە (الفاسد) (٤)

#### ٢-پێناسەی حوكمراني دروست

---

(1 )Michael S. Olson, Leading through Good Governance, Center for International Private Enterprise, Washington, DC, 2009, P. 6 .

(2 )http://www.unescap.org/sites/default/files/good-governance.pdf

(3 )John Gerring, *Polity*, Vol. 31, No. 3 (Spring, 1999), pp. 357.

(٤) مصطفى خليل، بەرێوەبردن لە رێكخراوە ناحكوميەكان ، اربيل، ٢٠١٥، ص٢٠.

چەمکی حوکمرانی دروست وەکوهەموو چەمکە زانسی و کۆمەلایەتیەکانی تر پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە ، ئەمەش بەپێی جیاوازی بیرو رای کەسەکان و دەزگاکان و بواری بەکارهێنانی ، هەر بۆیە لێردا چەند پێناسەیەکی جیاواز و هاوتەریب لەگەڵ بابەتەکەمان دەخینە ڕوو.

پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوەیەکگرتوەکان (UNDP): پێناسەی حوکمرانی دروست دەکەکات بەوەی کە بریتیە لە( مومارەسەکردنی دەسەلآتی ئابوری و سیاسی و ئیداری بۆ بەرێوەبردنی کاروبارەکانی دەولەت لە هەموو ئاستەکاندا، وە هەموو ئەو ئالیات و کردارو دەزگایانە لە خۆدەگرێت کە هاولآتیان و کۆمەڵەکان لە رێگەیانەوە بەرژەوەندییەکان دەپارێزن و مافە یاساییەکانیان پیادەدەکەن و ناکۆکیی و ململانێکانیان لە ڕێگەیەوە چارەسەردەکەن). (١)

وەکالەتی کەنەدی بۆ پەرەپێدانی نێودەولەتی: پێناسەی حوکمرانی دروست بەوەدەکات کە دەلێت بریتیە ( لەو حوکمرانیەی کە لە توانایدا هەیە دام و دەزگای دیموکراسی بیاد بێت و چارەسەری کێشە سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتیەکانی لە تواناداهەبێت و پەرە بە بەشداری سیاسی بدات) (٢)

پێناسەی سەنتەری پرۆژە نێودەولەتیە تایبەتەکان (CIPE): حکمی دروستی دیموکراسی هەموو ئەو دامەزاوەو کلتور و کردارانە لە خۆدەگرێت کە بەشدارن لە دیاریکردن و دروستکردنی بریاری حکومی بەشێوەیەکی بەردوام و وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە : (٣)

- چۆن و تاچی رادەیەك هاولاتیان بەشدارن لە دروستکردنی بریاری رۆژانە.
- تاچەند توانستی هەیە ، لە بەرێوەبردنی کشتی و دەرامەتەکان .
- چۆن بتوانین رێگە بگرین لە خراپ بەکارهێنانی دەسەلاتەکان لە لایەن حکومەتەوە.
- چۆن وادەکرێت فەرمانبەرانی حکومەت بەرپرسانە مامەڵە بکەن.

پێناسەی حوکمرانی دروست زۆر و فرە رەهەندە بەلام لە میانەی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بگەینە ئەوەی کە بلێین حوکمرانی دروست شێوازێکی تازەیە بۆ حوکمرانی و لەم جۆرە لە حوکمرانی هاولاتیان و دام و دەزگاکان و حکومەت هەریەکەیان بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن لە رێگەی جێبەجێکردنی بنەماکانی حوکمرانی دروستەوە، و بۆ چارەسەری کێشەو ناکۆکیەکان رێگەی ئاشتیانە دەگرنەبەر ، بەمەش دەستەبەری خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن بۆ هاولاتیان دەکرێت.

---

(١) البرنامج اللانمائى للامم المتحدة والصند العربى للا نماء الاقتصادي والاجتماعي، تقرير التنمية والانسانية العربية ٢٠٠٢، فرص للاجيال القادمة، عمان ،الاردن، ص١٠١.

(٢) ستار شدهان، الاصلاح الاقتصادي بين الادارة الديموقراطية واقتصاد السوق، مجلة كلية التربية جامعة واسط، العدد٧، ص٧٧.

(٣) جون د .سوليفان، الحكم الديمقراطي الصالح المكون الرئيسي للإصلاح السياسي والاقتصادي، مركز المشروعات الدولية الخاصة، القاهرة ،٢٠٠٤ ص ٥.

دووەم: پێکهاتەکانی حوکمرانی دروست :

دەتوانین لێرە بپرسین کە کارەکتەرەکانی کێن، کاریگەربوەکانی کێن و بریاردەر کێیە ؟

حوکمرانی دروست سێ پێکهاتەی سەرەکی رۆڵی تیادا دەبینێت کە لێرەدا بەشێوەیەکی کورت ئاماژەیان پێدەکەین:

١- حکومەت یان کەرتی گشتی :

حکومەت رۆلێکی گرنگ و سەرەکی دەبینێت لە دروستکردنی حکومرانیەکی دروست ئەویش بەوەی کە کاریگەی زۆری هەیە لە سەر بوارە فەرمیەکانی ژیانی دەوڵەت ئەمەش بە دەستەبەرکردنی ژینگەیکی سیاسی و یاسای لەبار و پاراستنی جێگری بواری ئاسایش و ئابوری وەهەروەها گەشەپێدانی مرۆیی وەهەموو ئەمانەش دەبنە ینەمایەکی باش بۆ هەنگاونان بەرەو حوکمرانی دروست . (١)

وە دەتوانین بلێین کە حکومەت یان کەرتی گشتی هەندێك بواری بەدەستەوەیە یان کاریگەری هەیەلەسەریان کە بەدەست سەکتەرەکانی ترەوە نیە بۆنمونە مافی بەهاولاتی بون و لێپرسینەوە و جێبەجێکردنی یاساو رێسا و هێزی سەربازی و ئەمنی و...هتد (٢)

٢- کەرتی تایبەت:

یەکێکی تر لە پێکهاتەکانی حوکمرانی دروست کەرتی تایبەتە ئەویش بە هۆی ئەو رۆڵە گرینگەی کە کەرتی تایبەت ئێستا دەیگێرێت لە بوارەکانی ئابوری و بەرێوەبردن و زۆریك لەبوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا وە دەتوانین بلین کە سەکتەری تایبەت رۆلی کەرتی حکومی دەگێریت لە هەندێك کات، بۆنمونە کۆمپانیایەکی تایبەت هەڵدەستێت بە دابینکردنی خزمەتگوزاریەك یان ئامادەکردنی هێزی مرۆیی تایبەت بۆ بەرێوەبردنی کاریك یان دەزگایەك یان ناوچەیەك کە هەموو ئەمانە رۆڵی گەورەیان دەبێت ئەگەر بخرێنە خزمەت پرۆسەی بنیاد نانی حوکمرانیەکی دروست. (٣)

٣- کۆمەڵگەی مەدەنی:

کۆمەڵگەی مەدەنیش یەکێکی ترە لە پێکهاتەکانی حوکمرانی دروست ، کە ئەویش هەموو کۆمەڵەکانی فشارو پارتە بەرهەڵستکارە سیاسیەکان و رێکخراوە ناحکومی و کۆمەڵەکانی داکۆکی و پیشەی دەگرێتە ، کە هەوڵ دەدەن لەپێناو چەسپاندنی و بلاوکردنەوەی کۆمەلێك بنەمای و بەها کە ئامانجیان لێی گەشەسەندن وبەرەو پێش بردنی کۆمەڵگایە . (٤)

(١) ايمن عودة المعاني، الادارة العامة الحديثة، دار وائل، عمان، (٢٠١٣)، ص٢٢١.

(2) Good Governance in the Public Sector, CIPFA, London, 2013, p6

(3) Parallels in Private and Public Sector Governance, Centre for International Corporate Governance Research, Victoria University,

(٤) دور مؤسسات مجتمع المدني في تعزيز مفاهيم الحكم الرشيد، المركز الفلسطيني للاتصال والسياسات التنموية، فلسطين، ص٦.

بۆیە گەر هەرکات کۆمەڵەی مەدەنی چالاك و کارا هەبوو لە پێناو پاراستن و چەسپادنی مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی دیموکراسی واتە کۆمەڵگایەکی چالاك هەیە و ئەمەش بەمانای هەنگاونان بەرەو بەدیموکراسی کردنی کۆمەڵگا و مافەکانی کە ئەمەش ڕێگەیەکە دروستە بۆ گەیشتن بە حوکمرانیکی دروستی دیموکراسی .

**شێوەی حوکمرانی دروست و پێکهاتەکانی**




**سەرچاوە: لە ئامادەکردنی توێژەر**

## سێیەم: ئامرازەکانی حوکمرانی دروست (characteristics of good governance )

ئامرازەکانی حوکمرانی دروست دەگۆڕێت بە پێی سەرچاوەکانی دیاریکرنی ئامرازەکان ، بۆ نمونە لە لای بانکی دەولی لە روی چەندێتیەوە جیاوازن لەگەڵ پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەویەککگرتوەکان(UNDP).

ئامرازەکانی حوکمرانی دروست وەك ئەوەی لە راپۆرتی حوکمرانی بۆ کەشەپێدانی مرۆیی بەردەوام (Governance for Sustainable Human Development) ی پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەویەککگرتوەکان دا هاتوە نۆ ئامرازی سەرەکین کە ئمانەی لای خوارەوەیە :

١- بەشداریکردن(Participation )
٢- یاسا سەروەری(Rule of law)
٣- شەفافیەت(Transparency)
٤- وەلامدانەوەی خیرا (Responsiveness)
٥- هاوسەنگی(Compatibility)

٦- یەکسانی( Equity)

٧- توانستی و لێهاتویی (Effectiveness and efficiency)

٨- لێپرسین و لێپێچینەوە( Accountability)

٩- دیدگای ستراتیجی(Strategic vision) [١]

هەموو ئەم ئامرازانە دەبنە هۆکاری دروستکردنی حوکمرانیەکی دروست.

هەندێك بنەمای ترمان هەیە کە هەم هاوکارە بۆ دروستبونی حوکمی دروست وەلە هەمان کاتدا دەتوانین بلێین خۆشی دەکرێت ببێت بە بەرهەمی حوکمرانی دروست ئەوانەش بریتین لـە :

١- فەرمانرەواتیەکی دیموکراسی و گەشەکردوو.

٢- دام ودەزگایەکی گشتی چالاك و بەتوانا.

٣- جێبەجێکردنی یاساو رێساکان .

٤- کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاك و بەهێز.

٥- وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی.

٦- دەسپێوەگرتنی سستیمی ئابوری ولات. [٢]

هەموو ئەمانەی سەریشەوە ئەوەمان پێدەلیت کە حوکمی دروست پەیوەندیەکی راستەو خۆی بە دیموکراسی و پەرەپێدانەوە هەیە جا چی پەرە پێدانی مرۆیی بیت یان دارایی بێت یاخود ئابوری بێت کە لەم شێوەیەی لای خوارەوە لایەنەکانی پەرەپێدانی مرۆیی دەخەینە روو.

## (لایەنەکانی پەرەپیدانی مرۆیی)
## (Dimensions of human development)

(1 )UNDP Report, Governance for Sustainable Human Development, 1997

(2 )Good Governance and Its Relationship to Democracy & Economic Developmen, Adel M. Abdellatif, Global Forum III on Fighting Corruption and Safeguarding Integrity Seoul 20-31 May 2003,pp26.




سەرچاوە:UNDP, Human Development Report 2015,p14

## بەشی سێیەم

## ئاستی پەیوەندی حکومەتی ئەلکترۆنی و حوکمرانی دروست

لەم بەشەدا دەمانەویت گریمانەی توێژینەوەکەمان بسەلمێنین کە حکومەتی ئەلکترۆنی تا ئاستێکی بەرز پەیوەندی بە حوکمرانی دروستەوە هەیە ، هەربۆیەئەم بەشەمان کردووە بە دووبرگەوە، لە یەکەمیان باس لە ئامرازەکانی حکمرانی دروست و حکومەتی ئەلکترۆنی دەکەین و لە دووەمیش هەڵدەستین بە بەراورد لەنێوان پلەبەندی کۆمەڵێك دەوڵەتی جیهان لە پێودانگەکانی حکومەتی ئەلکترۆنی و حوکمە دروست.

یەکەم : ئامرازەکانی حوکمرانی دروست و حکومەتی ئەلکترۆنی

لەم برگەیەدا دەمەوێت پەیوەندنی ئامرازەکانی حوکمرانی دروست و حکومەتی ئەلیکترۆنی رون بکەینەوە لەوانەش چەند نمونەیەك وەردەگرین:

١- بەشداریکردن(Participation) و حکومەتی ئەلکترۆنی .

بەشداریکردن و حکومەتی ئەلکترۆنی پەیوەندیەکی باشیان بەیەکەوە هەیە یاخود دەتوانین بلێن حکومەتی ئەلکترۆنی ڕێگا بەشداریکردن زیاتر و کاتی کورتر دەکاتەوە ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆجیا و پەیوەندی کردن ، بۆنمونە گەر لە رابردودا یاخود لە ولاتێکدا کە تاکوئیستاش شێوازی حوکمرانی وەرەقی بەکاردەهێنن ، بەشداریکردن لە دروستکردنی بریار یان چالاکیەکی سیاسی وکۆمەلایەتی، چەندین رێکاری جۆراوجۆر و رۆتینیاتی بێزارکەری دەوێت ، بەلام بە بەئەلکترۆنی کردنی ئەو کارە ئاسان تردەبێت کە کەسی بەشداریکەر و دەزگای بەشدارپێکەر ئاسانتر لە رێگەکانی ئەلکترۆنیەوە بەیەك دەگەن و بەشداریەکە دروست دەبێت وەك ( E-Voting ) . (١)

٢- شەفافیەت(Transparency) و حکومەتی ئەلکترۆنی:

شەفافیەت ئەگەر زانین و بەدەستهێنانی داتاو زانیاریەکان بێت شێوەیەکی ئاسان، ئەوا حکومەتی ئەلکترۆنی یەکێکە لە کارە سەرەکیەکانی کە ئەویش بریتیە لە کۆکردنەوەی داتاو زانیایەکان لە سیستمێکی ئەلکترۆنی، کە بەرێگەیەکی ئاسان ئەو کەسانەی دەیانەوێت زانیاریەکانی دەولەت بزانن دەستیان بکەوێت وەهەروەها کورتکردنەوە وئاسان کردنی رێگاکانی گەیشتن بەوزانیاریانە ، بۆ نمونە گەر گەر پەرلە مانتارێك یان دەزگایەکی چاودێری بیەوێت چاودێری کارێکی حکومەت بکات و زانیاری دەستبکەوێت دەتوانرێت لەرێگەی ئەو داتایانەی بەشێوە ئەلکترۆنی هەلگیراون و ریکخراون زانیاریەکان فەراهەم بکات و پێویست نەکات بە ئەرشیفی وەرەقی و دام ودەزگاکاندا بگەرێت. وە ئەمە بۆ هەموو دام ودەزگاکانی تریش راستە (٢)

٣- وەلامدانەوەی خیرا (Responsiveness) و حکومەتی ئەلکترۆنی:

یەکێك لە ئامانجەکانی حکومەتی ئەلکترۆنی کە لەبەشەکانی پێشودا ئاماژەمان پێکرد بریتیە لە پەیوەندی بەردەوام لەگەل هاولاتیان بە شێوەی ٢٤ کاتژمێر لە رۆژێکداو ٧ رۆژ لە هەفتەیەکدا و ٣٦٥ رۆژ لە سالێکدا لە گەل توانای تەواو لە گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان بە هاولاتیان . وە هەروەها هێنانە دی گونجان و پەیوەندی و خێرایی تەواو لە نێوان ئەدای فەرمانگە حوکمیەکان ، هەر یەکەیان بە ئەوانی ترەوە هەمووشیان بەیەکەوە .

(1) E-Government for Good Governance in Developing Countries, Driss Kettani and Bernard Moulin, anthem press, 2014, Online http://www.idrc.ca/EN/Resources/Publications/openebooks/561-8/index.html

(2 )Transformational Government Through EGov Practice, Shareef, M.A.and other, 2012, pp510. Through https://books.google.iq/books?id=0oyllQq-a8cC.

بۆیە گەر یەکێك لـە ئامرازەکـانی حـوکمی دروسـت بەدەمـەوەهاتن و وەلامدانـەوەی خێرابیـت ئـەوا حکومـەتی ئـەلکترۆنی جێبـەجێکاری ئـەو ئامرازەیـە و توانـای وەلامـدانوەی هاولاتیـان و دەزگاکـانی تـر خێراتردەکات کە بەمەش خزمەت گوزاریەکان و داخوازی خەلك و دەزگاکان وەلام دەدرێنەوە.

٤- توانستی و لیهاتویی (Effectiveness and efficiency) و حکومەتی ئەلکترۆنی:

توانست واتا جێبەجێکردنی کـار بەکـەمترین کـات و کـەمترین تێچـون و زۆرتـرین بەرهـەم ، هەربۆیـە حکومەتی ئەلکترۆنی هاوکارە بۆ رایکردن و دەستەبەرکردنی کارو خزمەتگوزاریەکان بەو تایبەتمەندیانـەی کـە تایبەتمەدنی توانستین .

ئەمانە چەند ئامرازێك بون، گـەر هـەر ئـامرازێکی تـری حـوکمرانی دروسـت وەربگریـت پەیوەنـدی راستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە، هەرچەندە لە وانەیە لە یەکێك بۆ یەکێی تریان ئاستەکە بگـۆرین بـەلام دەتـوانین بلێن جکومەتی ئەلکترۆنی کاریگەری زۆرە و بۆیە لە برگەی دووەمی ئەم بەشەدا دەمانـەوێت چـەند نمونەیـەك لەسەر ئاستی جیهان وەر بگرین و ئەم قسەمانی پێبسەلمێنین.

دووەم/ بەراورد لـەنێوان پلەبەندی کۆمەلێك دەولەتی جیهان لە پێودانگەکانی حکومەتی ئـەلکترۆنی و حوکمرانی دروست.

بۆئەم مەبەستە بەراوردێك دەکەین لـەنێوان باری کۆمەلێك دەولەتی جیهان لە حکومەتی ئەلکترۆنی لـە برگەی یەکە مدا وحوکومرانی دروست لـە دووەم . کە بۆ هەریەکەیان چەند ولاتێك وەردەگرین.

١/ پلـەبەندی کۆمەلێك دەولەتی جیهان لـە نیشاندەرەکانی (موشرات) حکومەتی ئەلکترۆنی

أ/ وەرگرتنی دوو نمونە لـە رۆژهەلاتە ناوەراست*

- عێراق:

**ریزبەندی عێراق لە دوو نیشاندەر(موشرات) حکومەتی ئەلکترۆنی :**

| | |
|---|---|
| نیشـــاندەری گەشـــەپێدانی حکومـــەتی ئەلکترۆنی<br>E-Government Development Index | ریزبەندی ١٣٤ یەمین لە نێوان ١٩٣وولات خاوەنی ٠.٣١٤١ خالە لە ١ |
| نیشاندەری بەشداری ئەلکترۆنی<br>E-Participation Index | ریزبەندی ١٥٢ یەمین لە نێوان ١٩٣وولات خاوەنی ٠.١٣٧٣ خالە لە ١ |

سەرچاوە: https://publicadministration.un.org/egovkb/en-us/Data-Center

لـەم گرافیکانەی لای خوارەوە وردەکاری داتاکانی خشتەی سەرەوەمان بۆدەردەکەوێت :

* لێرە داپشت دەبەستین بە رومالی ٢٠١٤ ی رێکخراوی UNPACS کە رێکخراوێکـی سـەر بەتەوەیەکگرتوەکانـە وە بۆیـە عێـراق و فەتەرمان وەرگرتوە کە هەردوکیان لـە یەك ناوچەدان تا دواتر بەراوردیان بکەین بە دوو دەولەتی تر کە لەیەك ناوچەدان .

(نیشاندەری (indicator) گەشەپێدانی حکومەتی ئەلکترۆنی لە عیراق ساڵی ٢٠١٤)




| EGDI Rank | 2014 | 2012 | 2010 | 2008 | 2005 | 2004 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Iraq | 134 | 137 | 136 | 151 | 118 | 103 |

سەرچاوە: https://publicadministration.un.org/egovkb/en-us/Data-Center

(نیشاندەری (indicator) بەشداری ئەلکترۆنی لە عیراق ساڵی ٢٠١٤)




| EPART Rank | 2014 | 2012 | 2010 | 2008 | 2005 | 2004 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Iraq | 152 | 101 | 135 | 60 | 151 | 97 |

سەرچاوە: https://publicadministration.un.org/egovkb/en-us/Data-Center

– قەتەر

ریزبەندی قەتەر لەهەمان دوو نیشاندەر(موشرات) عێراق لە حکومەتی ئەلکترۆنیدا :

| | |
|---|---|
| نیشاندەری گەشەپێدانی حکومەتی ئەلکترۆنی<br>E-Government Development Index | ریزبەندی ٤٤ یەمین لە نێوان ١٩٣وڵات خاوەنی ٠.٦٣٦١ خاڵە لە ١. |
| نیشاندەری بەشداری ئەلکترۆنی<br>E-Participation Index | ریزبەندی ٤٥ یەمین لە نێوان ١٩٣وڵات خاوەنی ٠.٦٠٧٨ خاڵە لە ١ . |

سەرچاوە: https://publicadministration.un.org/egovkb/en-us/Data-Center

لـەم گرافیکانەی لای خوارەوە وردەکاری داتاکانمانی خشتەی سەرەوەمان بۆدەردەکەوێت :

(نیشاندەری (indicator) گەشەپێدانی حکومەتی ئەلکترۆنی لـە قەتەر ساڵی ٢٠١٤)




| EGDI Rank | 2014 | 2012 | 2010 | 2008 | 2005 | 2004 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Qatar | 44 | 48 | 62 | 53 | 62 | 80 |

سەرچاوە: https://publicadministration.un.org/egovkb/en-us/Data-Center

(نیشاندەری (indicator) بەشداری ئەلکترۆنی لـە قەتەر ساڵی ٢٠١٤)




| EPART Rank | 2014 | 2012 | 2010 | 2008 | 2005 | 2004 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Qatar | 45 | 22 | 86 | 71 | 90 | 123 |

سەرچاوە: https://publicadministration.un.org/egovkb/en-us/Data-Center

ب/ وەرگرتنی دوو نمونەی لـە کیشوەری ئەمریکا

– مەکسیك

ریزبەندی مەكسیك لەهەمان دوو پیودانگ(موشرات) لە حكومەتی ئەلكترۆنیدا :

| | |
|---|---|
| نیشاندەر گەشەپێدانی حكومەتی ئەلكترۆنی<br>E-Government Development Index | ریزبەندی ٦٣ یەمین لە نێوان ١٩٣ولآت خاوەنی ٠.٥٧٣٣ خاڵە لە ١. |
| نیشاندەر بەشداری ئەلكترۆنی<br>E-Participation Index | ریزبەنـــدی ٤٥ یـــەمین لـــە نێـــوان ١٩٣ولآت خاوەنی ٠.٦٠٧٨ خاڵە لە ١ . |

سەرچاوە: https://publicadministration.un.org/egovkb/en-us/Data-Center

لەم گرافیكانەی لای خوارەوە وردەكاری داتاكانانی خشتەی سەرەوەمان بۆدەردەكەوێت :

(نیشاندەری (indicator) گەشەپێدانی حكومەتی ئەلكترۆنی لە مەكسیك ساڵی ٢٠١٤)




| EGDI Rank | 2014 | 2012 | 2010 | 2008 | 2005 | 2004 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Mexico | 63 | 55 | 56 | 37 | 31 | 30 |

E-Participation Index

سەرچاوە: https://publicadministration.un.org/egovkb/en-us/Data-Center

(نیشاندەری (indicator) بەشداری ئەلكترۆنی لە مەكسیك ساڵی ٢٠١٤)




| EPART Rank | 2014 | 2012 | 2010 | 2008 | 2005 | 2004 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Mexico | 45 | 25 | 32 | 7 | 7 | 6 |

سەرچاوە: https://publicadministration.un.org/egovkb/en-us/Data-Center

– كەنەدا

ریزبەندی کەنەدا لەهەمان دوو نیشاندەری(موشرات) لە حکومەتی ئەلکترۆنیدا :

| | |
|---|---|
| نیشاندەر گەشەپێدانی حکومەتی ئەلکترۆنی E-Government Development Index | ریزبەندی ١١ یەمین لە نێوان ١٩٣ووڵات خاوەنی ٠.٨٤١٨ خاڵە لە ١. |
| نیشاندەر بەشداری ئەلکترۆنی E-Participation Index | ریزبەندی ١٤ یەمین لە نێوان ١٩٣ووڵات خاوەنی ٠.٨٢٣٥ خاڵە لە ١ . |

سەرچاوە: https://publicadministration.un.org/egovkb/en-us/Data-Center

لەم گرافیکانەی لای خوارەوە وردەکاری داتاکانی خشتەی سەرەوەمان بۆدەردەکەوێت :

(نیشاندەری (indicator) گەشەپێدانی حکومەتی ئەلکترۆنی لە کەنەدا ساڵی ٢٠١٤)




| EGDI Rank | 2014 | 2012 | 2010 | 2008 | 2005 | 2004 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Canada | 11 | 11 | 3 | 7 | 8 | 7 |

سەرچاوە: https://publicadministration.un.org/egovkb/en-us/Data-Center

(نیشاندەری (indicator) بەشداری ئەلکترۆنی لە کەنەدا ساڵی ٢٠١٤)




| EPART Rank | 2014 | 2012 | 2010 | 2008 | 2005 | 2004 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Canada | 14 | 15 | 8 | 11 | 4 | 3 |

سەرچاوە: https://publicadministration.un.org/egovkb/en-us/Data-Center

٢/ پلەبەندی کۆمەڵێك دەوڵەتی جیهان لە نیشاندەرەکانی حوکمرانی دروست

لێرەش بە هەمان دوو گروپی پێشوو وەریاندەگرینەوە و لە کۆتایدا بەراورد دەکەین لە نێوانیان دا.

أ/ وەرگرتنی دوو نمونەی رۆژهەلاتی ناوەراست

– عیراق

(خالەکانی عیراق لە نیشاندەرەکانی حوکمرانی دروست بۆ ساڵی ٢٠١٤)

| نیشاندەرەکان indicators | خاڵ لە ١٠٠ |
|---|---|
| لێپرسینەوە (Accountability) | ١٤ |
| توانستی حکومەت (Effectiveness Government) | ١٤ |
| سەروەری یاسا (Rule of Law) | ٦ |
| کۆنترۆلکردنی گەندەڵی (Control of corruption) | ٦ |
| کۆی گشتی | ٤٠٪ ٤ = ١٠ |

– قەتەر

(خالەکانی قەتەر لە نیشاندەرەکانی حوکمرانی دروست بۆ ساڵی ٢٠١٤)

| نیشاندەرەکان | خاڵ لە ١٠٠ |
|---|---|

| | |
|---|---|
| لێپرسینەوە (Accountability) | ٢٢ |
| توانستی حکومەت (Government Effectiveness) | ٧٨ |
| سەروەری یاسا (Rule of Law) | ٨١ |
| کۆنترۆلکردنی گەندەڵی (Control of corruption) | ٨٣ |
| کۆی گشتی | ٦٦ = ٤ ٪٢٦٤ |

سەرچاوە:http://info.worldbank.org/governance/wgi/index.aspx#reports

ب/ وەرگرتنی دوونمونە لە کیشوەری ئەمریکا

– مەکیسك

(خالەکانی مەکسیك لە نیشاندەرەکانی حوکمرانی دروست بۆ ساڵی ٢٠١٤)

| نیشاندەرەکان | خاڵ لە ١٠٠ |
|---|---|
| لێپرسینەوە (Accountability) | ٤٨ |
| توانستی حکومەت (Government Effectiveness) | ٦١ |
| سەروەری یاسا (Rule of Law) | ٣٨ |
| کۆنترۆلکردنی گەندەڵی (Control of corruption) | ٢٦ |
| کۆی گشتی | ٤٣.٢٥ = ٤ ٪١٧٣ |

سەرچاوە:http://info.worldbank.org/governance/wgi/index.aspx#reports

– کەنەدا

(خالەکانی کەنەدا لە نیشاندەرەکانی حوکمرانی دروست بۆ ساڵی ٢٠١٤)

| نیشاندەرەکان | خاڵ لە ١٠٠ |
|---|---|
| لێپرسینەوە (Accountability) | ٩٦ |
| توانستی حکومەت (Government Effectiveness) | ٩٥ |
| سەروەری یاسا (Rule of Law) | ٩٥ |
| کۆنترۆلکردنی گەندەڵی (Control of corruption) | ٩٤ |
| کۆی گشتی | ٩٥ = ٤ ٪٣٨٠ |

سەرچاوە:http://info.worldbank.org/governance/wgi/index.aspx#reports

سێیەم/ بەراوردکردن لە نێوان نمونەکاندا و پەیوەندیان بەیەکەوە.

دەتوانین هەموو داتاکانی برگەکانی پێشوو لەم خشتەیەدا کۆبکەینەوە و بەراوردیان بکەین وەلە دوایدا بە چارتێك دەیخینە روو بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ولاتەکان | حکومەتی ئەلکترۆنی | حوکمی دروست |
|---|---|---|
| عیراق | ٢٢.٥٧ | ١٠ |
| قەتەر | ٦٢.١٩ | ٦٦ |
| مەکسیك | ٥٩.٥ | ٤٣.٣٥ |
| کەنەدر | ٨٣.٢٦ | ٩٥ |

سەرچاوە : لە ئامادەکردنی توێژەر

(بەراورد و پەیوەندی نێوان حکومەتی ئەلکترۆنی وحوکمرانی دروست)




سەرچاوە : لە ئامادەکردنی توێژەر

گەر بەوردی سەیری چارتەکە بەکەین تێبینی ئەوە دەکەین لە هەر وولاتێك لە وولاتەکان ئاستی حکومەتی ئەلکترونی و حوکمرانی دروست نزیکن لە یەکەوە بە بەراورد لە گەڵ ئەوانی تر بۆیە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پەیوەندی نێوان حکومەتی ئەلکترۆنی و حوکمی دروست پێوەندیەکی راستەوانیە واتە لە هەروڵاتێك تاچەند حکومەتی ئەلکترۆنی جێبەجێبکرێت و حکومەت بەئەلکترۆنی کرابێت ئەوەندە لە

حوكمرانی دروست ەوە نزیك ترە وە بە پێچەوانەشەوە راستە ، وەلەگەڵ ئەمەش ناتوانین هۆکارەکانی تر لە سەر هەریەکە لە حکومەتی ئەلکترۆنی و حوکمرانی دروست لە بەرچاونەگرین وئەوانیش کاریگەری خۆیان هەیە و کاریگەیەکانیش رێژەیین.

## دەرەنجام:

لەکۆی هەموو بەشەکانی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە چەند دەرەنجامێکی سەرەکی کەدەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە :

١-حکومەتی ئەلکترۆنی لەم سەردەمەدا بە هۆی ئەوەی کە تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندیەکان لەوپەری پێشکەوتندایە بۆتە واقعێك و وولاتانی پێشکەووتوو بەشێوەیەکی پراکتیکی لەبواری بەرێوەبردن و سیستمە حکومەتەکانیان پیادەی دەکەن ،وەهەنیَ ولاَتی تریش لەهەولّی بەردوامدان بۆگەیشتن بەم جۆرە سیستمە.

٢- حکومەتی ئەلکترۆنی پێویستی بەتوانایەکی زۆر هەیە لەرووی ژێرخانی ئابوری وتەکنۆلۆژی و مرۆیەوە بۆ جێبەجێکردنی.

٣- حوکمرانی دروست شێوازێکی تازەیە بۆ حوکمرانی و لەم جۆرە لە حوکمرانی هاولاتیان و دام و دەزگاکان و حکومەت هەریەکەیان بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن لە رێگەی جێبەجێکردنی بنەماکانی حوکمرانی دروستەوە.

٥- حکومەتی ئەلکترۆنی پەیوەندیەکی زۆری بە حوکمرانی دروستەوە هەیە و کاریگەری هەیە لەسەر بنیاد نان و جێبەجێکردنی بنەماو ئامرازەکانی . وەهەروەها بە بونی حوکمرانی دروست زەرورەتی بونی حکومەتی ئەلکترۆنی زیاتر دەبێت.

## سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردی و عەرەبیکان:


١. اسامه احمد و جلال محمد، الحكومه الالكترونيه بين النظريه والتطبيق، دار الثقافه،عمان، ٢٠١٠.

٢. الهوش د.ابوبكر محمود، الحكومه الالكترونيه الواقع والآفاق، مجموعه النيل العربيه ، الطبعه الاولى، القاهره ،٢٠٠٦ .

٣. ايمن عوده المعانى، الاداره العامه الحديثه، دار وائل، عمان،٢٠١٣.

٤. بدران عباس، الحكومه الاكترونيه من الاستراتيجيه الى التگبيق، الموسسهالعربيه للدراسات والنشر، الگبعه الاولى، بيروت ،٢٠٠٤ .

٥. جلوريا ايفانز، ترجمەبدار فاروق، الحكومه الاليكترونيه، دار فاروق، قاهره، ٢٠٠٥.

٦. جون د .سوليفان، الحكم الديمقراگى الصالح المكون الرئيسى للإصلاح السياسى والاقتصادى، مركز المشروعات الدوليه الخاصه، القاهره ،٢٠٠٤.

٧. حجازى عبدالفتاح بيومى ،الحكومه الاليكترونيه ونڤامها القانونى،دار الفكر الجامعى، الاسكندريه ،٢٠٠٤.

٨. ساعد نمديلى رحيمه الصغير،العقدالادارى الالكترونى دراسه تحليليه مقارنه،دار الجامعه الجديده، الاسكندريه ، ٢٠٠٦.

٩. علاو فرج الگاهر، الحكومه الالكترونيه بين النڤريه والگبيق، دار الرايه للنشر والتوزيع، عمان،٢٠١٠.

١٠. مصگفى خليل، بەرێوەبردن لە رێکخراوە ناحکومیەکان ، اربيل، ٢٠١٥.

١١. جامعه ملك عبدالعزيز، الحكومه الكترونيه، سنه ١٤٢٧.

١٢. الامم المتده الاسكوا، استراتيجيات الحكومه الكترونيه فى الدول العربيه،٢٠٠٣.

١٣. كليم محمد الكبيسى، متگلبات تحقيق الاداره الاكترونيه فى مركز نڤم المعلومات تابع الحكومه اللكترونيه فى دوله قگر، جامعه الافتراڤيه الدوليه، ٢٠٠٨.

١٤. برنامج الامم التحده الانمائى،الحكومه الكترونيه،ابريل ٢٠٠١،www.undp.org.

١٥. المركز الدولى للدراسات المستقبليه والاستراتيجيه(icfs)، الحكومه الكترونيه، رافت رچوان، العدد ٥ السنه الّولى مايو ٢٠٠٥.

١٦. البرنامج اللانمائى للامم المتحده والصند العربى للا نماو الاقتصادى والاجتماعى، تقرير التنميه والانسانيه العربيه ٢٠٠٢، فرص للاجيال القادمه، عمان ،الاردن،٢٠٠٢.

١٧. ستار شدهان، الاصلاح الاقتصادى بين الاداره الديموقراگيه واقتصاد السوق، مجله كليه التربيه جامعه واسگ، العدد٧،٢٠١٠.

١٨. دور مؤسسات مجتمع المدنى فى تعزيز مفاهيم الحكم الرشيد، المركز الفلسطيني للاتصال والسياسات التنموية، فلسگين.

١٩. گۆڤاری گەیاندن ،حکومەتی ئەلکترۆنی چیە ؟،ژمارە٤٥ ،تەمووزی ٢٠٠٧.

## سەرچاوە ئینگلیزیەکان:


١. Oxford advanced learners dictionary 7th edition.

٢. Jeffrey W. Seifert, A Primer on E-Government: Sectors, Stages, Opportunities, and Challenges of Online Governance, Congressional Research Service, 2003.

٣. UNDP, Human Development Report 2015.

٤. UN global E-government Survey 2003.

٥. InfoDev , World Bank, e-Government Prime, 2009.

٦. j.pascual .patricia,e-government, may 2003, online at www.eprimers.org

٧. Michael S. Olson, Leading through Good Governance, Center for International Private Enterprise, Washington, DC, 2009.

٨. John Gerring, Polity, Vol. 31, No. 3 (Spring, 1999).

٩. Good Governance in the Public Sector,CIPFA,London,2013.

١٠. Parallels in Private and Public Sector Governance, Centre for International Corporate Governance Research, Victoria University.

١١. UNDP Report, Governance for Sustainable Human Development, 1997.

١٢. Good Governance and Its Relationship to Democracy & Economic Developmen, Adel M. Abdellatif, Global Forum III on Fighting Corruption and Safeguarding Integrity Seoul 20-31 May 2003.

١٣. E-Government for Good Governance in Developing Countries, Driss Kettani and Bernard Moulin, anthem press, 2014, Online http://www.idrc.ca/EN/Resources/Publications/openebooks/561-8/index.html

١٤. Transformational Government Through EGov Practice, Shareef, M.A.and other, 2012, Online: https://books.google.iq/books?id=0oyllQq-a8cC

١٥. http://info.worldbank.org/governance/wgi/index.aspx#reports

١٦. https://publicadministration.un.org/egovkb/en-us/Data-Center

١٧. www.informatics.gov.sa/magazine/modules.php?name=Sections&op=viewarticle&artid=83

١٨. http://www.internetworldstats.com/stats.htm

١٩. http://www.unescap.org/sites/default/files/good-governance.pdf